## بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

*[[ **ڕوونکردنەوە و داوا**: زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێرای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ، نامەو دوکۆمێنت(١٣-٤)

### نامەی سەرلەشکر رەزمارا رە ئیسی ستادی ئەرتەشی ئێران بۆ ئەحمەدخانی فاررووقی 13250411

ئاغای ئەحمەدی فاررووقی

من لەدیداری ئێوەلەقشڵاغ بێ سنوور خۆشحاڵ و شاد بووم. بریارم دا کەلەگەڕانەوەدا بەهەمان جۆر کەگوترا رۆژێ بێمەهێجانان. بەداخەوەبەهۆی گرفتی ئیداری و گوشاری تاران ناچار بووم پۆستی سەرکردایەتی ستادی ئەرتەش قوبووڵ بکەم و نەمتوانی موراجعەت بکەم وەبەو بۆنەیەوەناچارم ئەو کورتەیەتان بۆ بنووسم .

من سەبارەت بەو پێوەندیەی رابردوو وەئێستاکەلەشەخسی ئێوەدڵنیام و ئیعتمادی تەواوم هەیە. ئێستاکەش ئامادەم ئەوەی لەدەست و توانای مندا بێت بۆ هاوکاری و یارمەتی ئێوەبیکەم. لەئێوەداوادەکەم بەسەرنجدان لەپێوەندی و گوتەی بێ ریای من ئەوەی دەکەوێتەبەرچاوتان بۆ ئەوەی یەک هەوای پێوەندی و یەک بوونی بهێنێتەکایەوە، بنووسن و ئاگادارم بکەن تا جێ بەجێی بکەم چونکەئێستاکەمن لەستادی ئەرتەشی ئێرانم ئەخوازم ئاغای فاررووقیش دەست بخاتەناو دەستمەوەو بەدڵسوزی بێ وەسف و دوور لەهەر بیروڕایەبۆ کاری یەکیەتی لەوڵاتدا ئامادەبێت وەبزانێ کەرەزمارا دۆستی ئەوەلەسەرکارەوەبۆ هاوکاری و هاوبیری لەگەڵ ئەو ئامادەیە.

سەرۆکی ستادی ئەرتەش : سەرلەشکر رەزمارا

---

### نامەی سەرتیپ هومایونی بۆ محەمەدی نانەوازادە13250419

ئاغای نانەوازادە

دەروێش تلووعی شکایەتی کردوەکەسێ بەش لەگوندی قشڵاغ ئەفغانان ملکی موهیمی ئەوەو مستەفا مەعرووفی بەزۆر داگیری کردوەوەبەقازانجی خۆی بەرهەمی دەهێنێ پێویستەچۆنیەتی کارەکەبپێی رازی بوونی شکاتکەر بەستادی هێز رابگەیەنن.

فەرماندەی لە شکری چواری کوردستان : سەرتیپ هومایوونی

---

### نامەی سەرهەنگ غەفاری بۆ عەبدوڵابەگی سەرحەدی 13250419

ئاغای عەبدوڵابەگی سەرحەدی

ئێنشائەڵلا حالی جەنابتان باشە. نامەکەتان گەیشت . من زۆرم پێ خۆش بوو کەسوارەئازاکانتان بچنەناو سەقزەوە بەتایبەتی دیدم وابوو کەبەگەیشتنی چەند سوارێکی ئێوەلەگەڵ من بۆ سەقز ئەو زەمینەی باس لەیەکگەیشتنەی لەگەڵ

یەکدا کەهەیەزۆرتر لەبەرچاوی سەرکردەکانی خۆم ئاشکرا بکەم وەبەو رێگەیەکۆمەگ بۆ باش بوونی بارودۆخەکەبکرێ دەنا هیچ مەبەستێکی ترم نەبوە. بڕوام وایەشەخسی ئاغای حەمەڕەشیدخانیش وەک من بیر دەکاتەوەوەبێگومانم کەتەنانەت زۆر خۆشحاڵیش دەبێت کەئێوەئەو کارەتان کردبێت . بەم جۆرەهەر کاتێک بتوانن بەهاتنی دەنەفەر سوار لەگەڵم موافقەت بکەن زۆر دروست و لەجێگای خۆیەتی ، زمنەن ئاگادارت دەکەم کەئاغای نانەوازادەهەر بریارەئەمڕۆ بەکامیون سەبارەت بەچوونی من بۆ سەقزبگاتەمیرەدێ بەڵام من وام لا باشترەکەلەگەڵ سوارەکانی ئێوەدا بڕۆم ئەوەش مەیلی خۆتانە.

دۆستتان: سەرهەنگ غەفاری

---

**نامەی سەروان مەنسوورپوور بۆ سالح خوسرەوی 13250419**

جەنابی ئاغای سالحی خوسرەوی

دوای پێشکەشی سڵاو هیوادارم کەتەندروست بی . سەبارەت بەوەکەبەندەفەرمان هەڵگری تیمسار فەرماندەی بزورگی لەشکرم پێویستەزیارەتی ئێوەبکەم . چاوەڕوانی بینینتانم لەگەورەقەڵا.

سەروانی سوار مەنسوورپوور

---

**نامەی سەرتیپ هومایوونی بۆ حەمەڕەشیدخان 13250426**

ئاغای محەمەدڕەشیدخان قادرخانزادە

بەرامبەر بەراپورتی سەرهەنگ غەفاری ئەو کەلوپەلانەی کەلەژێرەوەشەرح دەکرێ کەبەهۆی کامیونەکان بۆ سەربازگەی بانەنێرراوەلەتەمۆغەبەهۆی چەکدارەکانی بارزانی نیشتەجێ لەقشڵاغ زەوت کراوە. دەستوور بفەرموون لەگێرانەوەی کەلوپەلەکان هەنگاوی پێویست هەڵێنن.

1. ناڵوبزمار

2. یەک سەماعەبێ تەل

3. یەک دەمانچەکەهی سەرهەنگ غەفاریە. لەتەنیشت سندووقی جل بوو.

فەرماندەی لە شکری چواری کوردستان سەرتیپ هومایوونی

---

**نامەی سەرتیپ هومایوونی بۆ حەمەڕەشیدخان 13250428**

ئاغای حەمەڕەشیدخان قادرخانزادە

ئێشارەبەنامەی 13250423/913 یەکەم لەناردنی 80 دەزگا کامیونی دەوڵەتی کەرۆژی پێشوو لەلایەن بازرەسیی کوردەکان بەبێ هۆ لەتەمۆغەگیراوەو لەوێوەنێررا بۆ ئاخکەند، ئیستا ئێوەگێراوتانەتەوە، سوپاستان دەکەین بەڵام ئەم هەنگاوەی ئاغای بازڕەسی تەواو پێچەوانەی بریاری پێشوو بوە. دووەم لەبابەتی ناردنی هێز بۆ سەرشیو ئاگادارمان کردبویت. پێویستەلەیادتان بێت کەشومارەیەک لەشکاک بەپێچەوانەی ناوەرۆکی پرۆتۆکولی رۆژی 13250405 کەلەسەقز رێکخرا و ئیمزاکرا لەناوچەی سەرشیو جێگیر بوون بەناچاری لەبەرابەر ئەوانەگەڵباخیەکان لەبەرزاییەکانی شمشێرزێرین و کەندولان و نوختەکانی دەورووبەریان جێگیر بوون. بەڵام بەبینینی تیمسار سەرلە شکر رەزمارا

لەسەرا بڕیار بوو ئەگەر شکاکەکان لەو نوختانەبگەڕێنەوەوا گەڵباخیەکان دەگەڕێنەوەکەکارەکەبەو جۆرەکرا. دوای ماوەیەکی تارادەیەک دوور و درێژ لەرۆژی 13250420 کەبانەییەکان لەگوندەکانی کەس نەزان و عارەبەلەنگ نفووزیان پەیداکردو لەو نوختانەوەستان ، بەناچاری ژومارەیەک بۆ سنووری روستەمان و ملەنێردران . ئەم ژومارەیەتەنانەت فەرمانی پاراستنی ئەو سنوورەی خراوەتەئەستۆ، بەتایبەت کەبەپێی زانیاری گەیشتوو محەمەد سەدیق کوڕی سولەیمانی جاف وەتفەنگچیەکان لەدەگاگا چەند کیلومتری لەسنوور داگیر کردوەوەهەموو رۆژێ ژومارەیەک لەعێراقیەکان بەتایبەتی لەو ماوەیەی کەعێلی جاف هاتوتەنزیکی سنوور ئەچنەتەک ئەوان ، لەبەر ئەوەهێزی دەوڵەت ناتوانێ ئارام بێ کەعێراقیەکان تەجاوەزی سنوور دەکەن و بەو جورەتەجاوەزی گوندەکانی سنوور دەکەن . بەهەر حاڵ واچاکەدەستوور بفەرموون تفەنگچیان و بەگزادەکانی بانەبگەڕێنەوەجێگای خۆیان تا رووداوی نەبێ و تا ئارامی ئەو ناوچەیەش بۆ خودی خۆی جێگیر بێت.

فەرماندەی لەشکری 4 ی کوردستان    سەرتیپ هومایوونی.

---

**نامەی سەرتیپ هومایوونی بۆ حەمەڕەشیدخان 13250428**

ئاغای محەمەدرەشیدخان قادرخانزادە

ئیشارەبە13250427/914 ئەو چەکەی قەدی سەرهەنگ غەفاری فەرماندەی سەربازگەی میرەدێ لەلایەن تفەنگچیەکانی میرەدێ گیرابوو ئەمرۆ بەهۆی ئەمین ئاغا بەستادی هێز تەحویل کرا . پێویستەدەستوور بفەرموون کەئەشیا گیراوەکانی تر بەهەمان جۆر کەخۆتان گوتبووتان لەمیرەدێ تەحویل بکەن.

فەرماندەی لەشکری 4 ی کوردستان سەرلەشکر هومایوونی

**کۆتایی**

---

**ڕوونکردنەوە:** بەشی یەکەمی نامە و بەڵگەنامەکان لێرەدا کۆتایی پێدێت و بەشەکانی تری لە داهاتوو بڵاو دەکرێتەوە.

## بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا